# ئةو ثياوةى بةبالآى شاخ ئةثيورى

که دەڵێن بەرزو بڵندیی درەختی خەبات. ئیتر تۆ بە گەوەوە دار بەڕووی
که دەڵێن تەوژمو هاژەی رووبارێ لافاوێکی نێرینەی خستۆتە کاروانسەرای خەباتەوە
ئیتر تۆ ماسیت بە تاڤگەی مێژوودا هەڵ ئەزنێی،
تۆ بۆ تفەنگ مەچەکێکی لەشانی رۆژگار کراوی
تۆ بۆ قوتابخانە پێنوسێکی لە گیرفانی مێژوو کراوی
بۆ ئاشتی بۆ ئەم گەلە شنەی بایت لەبەر هەیوانی دڵمان کراوی،
تۆ بالآت بەبالآی شاخ ئەپێوری
تۆ هەنگی ئاواتی هەناسەت بە گەرووی وشكو تینووی هەڵەبجەدا ئەکرێ،
ئەی پێشمەرگە دێرینەکە....
ئەی نەرمەی پێو هەناسەی دەمی رێگای گشت باسەکان،
تۆ لەهەنگاودا مەلەی ماسی رووبارێکی تیژ رەو دەکەی
تۆ لەهەناسەدا نەغمەی بولبولێکی بەهارە بەگەرووی شاخ و شاردا دەکەی،
لە هەناوی هەڵقرچاوی تێکڕامانەوە
لە دواهەمین هەناسەی بەجێماوی گشت شەهیدانەوە.
ئەی پێشمەرگە دێرینەکە....
ئامێزت بۆ دەگرینەوە،
خۆت بەمەراقی زەوی دێمی نامۆیماندادە
لە تەنیاییماندا گوڵ بڕوێنە

بۆ هیوامان بەهار بێنە،
بەبەر دامێنیی کەوای شۆڕی ئەم دایکی نیشتمانەوە
مشتێ خۆڵی ڕەحیماواو لەیلان بهێنە،
ئەی پێشمەرگە دێرینەکە....
هەموو گزنگێ
کە ڕا دەبم لەم مەملەکەتی نامۆییەوە
من چاوی گەشی گۆیژەو ئەزمەڕ ئەبینم
هەموو بەیانێ لە پەنجەرەی خۆری هیوامانەوە
زایەڵەیەك دێ
بەگوێی ویژدانمانا ئەچرپێنێ و ئەڵێ:
تۆ ئەو پیاوەیت کە باڵات
بەباڵای شاخ ئەپێورێ،

٢٠٠٢/١٠/٥

ژووری پێشمەرگە دێرینەکان لەئینتەرنێت دا – هۆڵەندا ..

http://peshmerge.٢٠m.com/

تێبینی :

ئەم شیعرە بۆ یەکێك لە پێشمەرگە دێرین و پارتیزانەکان نوسراوە. ئەو بەڕێزە حەزی نەکرد ناوی لە شیعرەکەدا بهێنرێت، بۆیە داوای لێ بوردن لە شاعیر دەکەین بمانبورێت و لەهەر شوێنێك ئەم شیعرەی بەر چاو کەوت خۆی ئاشکرا بکات، چونکە شیعرەکە ناوی شاعیرەکەی لەسەر نیە. لەگەڵ ڕێزی دەستەی نوسەران.